# چەند ڕاستکردنەوەیەك بۆ کاك ئاسۆی حامدی سەبارەت بە بابەتی کێشەی کەرکوك و ئایندەکەی

عەلی مەحمود محەمەد
2005-9-17

کاك ئاسۆ حامدی یەکێکە لەو نووسەرانەی کە هەر دەست دەداتە پێنووس شتێك دەڵێت , بەپێچەوانەی زۆر لە نووسەرانی دیکە , نووسینەکانییان وەك فلیمی هیندی لێهاتووە , لە سەرەتاوە کۆتاییەکەی دیارە بە کویێ دەگات , بۆیە من دەست خۆشی لە نوسین و هەوڵەکانی دەکەم , هیوادارم بەردەوام بێت , بۆ ئەوەی ڕۆژانە شتی لێوە فێر بین .

ئەمرۆ بابەتێکی لە سایدی دەنگەکان بەناوی کێشەی کەرکوك و ئایندەکەی بابەتێکی نوسیووە

**http://www.dengekan.com/doc/2005/9/asoHamdei17.pdf**

لەو بابەتەدا وەك بیرۆکە قسەی دڵی من دەکات , هەرچەندە کوردستانی بوونی کەرکووك لە بابەتەکەیدا تەم و مژاوییە , کە زۆر نیگەرانم لێی , بەڵام نەفرەت لە شەڕی نەتەوەیی دەکات لەوێوە دەست خۆشی لێدەکەم .

بەهەر حاڵ ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت ئاماژەی پیێ بدەم , ڕاستکردنەوەی مێژوویەك و ژمارەیەکە بۆچونەکانی نەك بابەتەکە , هەرچەندە ئەو ژمارانەی تەنها بۆ ئارایشت کردن و تیف تیفەدانی بابەتەکەی هێناوەتەوە , نەك بۆ ڕیکلامی سیاسی . بەڵام دەبێت کاك ئاسۆ بزانێت ئەو لەوچەپانە نییە بە ئارەزووی دڵ دەنوسن و دروشم دەدەن , بۆیە دەبێت زۆر ورد بین بێت لە نوسینەکانی .

## کاك ئاسۆ دەنوسێت :

> ڕووداوەکانی شاری کەرکوک لە ساڵی 1948 سەرەتای سەرهەڵدانی رق وکینەی نەتەوایەتی بوو لە کەرکوک، کە لەم ڕووداوە کێشەی نێوان تورکمان و کورد لەلایەک و لەلایەکی تر وەزعیەتی

لە ڕاستیدا ئەو ڕوداوە لە یۆلی **1959** ڕوویدا نەك **1948** , ئەوەش خوێندنەوەی جۆراوجۆری زۆری لەسەرکراوە بە چەپ و ڕاستدا , کە ئێرە شوێنی قسەلەسەر کردنی نییە بۆ من .

پاشان سەبارەت بە ڕێژەی نەوتی کەرکووك دەنوسێت :

> احتیاتی نەوتی کەرکوک لە سەدا 60 ی احتیاتی نەوتی عیراق پێکدەهینی ، وولاتی عیراقیش دووەم وولاتی دونیایە لە احتیاتی نەوتدا.

نازانم نووسەر ئەم ڕێژەیەی لەکوێوە هێناوە کە سەرچاوەکەی دیاری نەکردووە , لە ڕاستیدا وەك لە نوسێنێکی لەوە پێشدا ئاماژەم پێیداوە , لە ڕاستکردنەوەی بابەتێکی لەم چەشنەی هێژا مهباد قەرەداغی نوسیوومە , ڕێژەی نەوتی کەرکووك لە کۆی نەوتی عێراق بەم چەشنەیە *:

زانیارییەکی سەرەتایی لەسەر نەوتی کەرکوک بدەم بە خوێنەواران . نەوتی کەرکوک عوسمانی یەکان لە سالی 1639 *ەوە بە شێوەی سەرەتایی دەریان هێناوەو کەلکی لێ وەرە گرن و ئەم کارەیان بە نەفتچی یەکان کەرکوک بەخشی وەک ئیمتیازاتێک بە تورکمانەکان لە کەرکوک.بەڵام لە سالی 1927 ەوە نەوت لە کەرکوک بە شێوەی ڕەسمی دەرهێنراوەو کۆمپانیای نەوتی تورکیا بەم کارە هەڵسا تا سالی 1974 ڕێژەی 70.2% نەوتی عێراق لە کەرکوک دەر هێنراوە .**

لە عێراقدا 2000 بیرە نەوت هەیە لەوانە 1500-1700 بیری نەوت بەرهەم دێنێ . 73 کێلگەی نەوتی تیایە لە 15 ەیان نەوت بەرهەم دەهێنرێت. نەوتی کەرکوک لەسەر ژمارەی بیرەکانی بۆچونی جیا هەیە لە نێوان 337*** و 408 **** . نەوتی کەرکوک بە یەکێک لە نەوتە هەرە باشەکانی جیهان دەناسرێت بری فسفۆر تیایدا 1.93% و ئا

5

کەرکوک لە نێوان حەزی خەڵکەکەی وخەونی ئایدۆلۆژیادا

پی ئای (35) ە . بری یەدەکی نەوتی کەرکوک 10 ملیار بەرمیلە کە تا ئێستا بەشێکی بەرچاوی لێ دەرهاتوە و پێشبینی دەکرێت پێش بەشێک لە کێلگەکان دیکەی عێراق وشک بکات .بەڵام قورنە 20 ملیار و مەجنون 13 ملیار و ڕمێلە 10 ملیار***** بەرمیل نەوتییان هەیە بەشێکیان تا ئێستا دەسیان لێ نەدراوە. نەوتی کەرکوک ئێستا ڕۆژانە 900000 بەرمیل نەوتی لێ بەرهەم دەهێنرێت .بە بونی بۆڕییەکی یەدەک لە پالیا بۆ ناردنی 500000 بەرمیل, وە پێش بینی وا دەکرێت بۆ ئایندە بری نەوتی دەرهێنراوی عێراق بە ڕێژەی 500%زیاد بکرێت . ئایا بەرێزم ئەم نەوتە چۆن بەشی 400 سال دەکات کە دەیان ساڵە لێی دەفرۆشرێت تا ئەو کاتە بۆ ناوچاویش نەوت لە کەرکوک نامێنێت. بەگوێرەی بری نێردراوی کۆن بێت ئەگەر یەک قەترەش بۆ ئەم 400 ساڵە زیاتر بەرهەم نەهێنرێت ئەوا ساڵانە نزیک 330 ملیۆن بەرهەم دێنێ بۆ 100 سال دەکاتە 33 ملیار بۆ 400 ساڵەکە ئەگەر چاڵەکان کونیش نەبن نەوتیان لێش نەچێت ئەوا دەکاتە 132 ملیار بونی ئەم ڕێژە نەوتەش بۆ کۆمپانیاکەی

------------------------------------------------------------

هیوادارم نووسەر بە سینگێکی فراوان و دڵێکی گەورەوە تێبینییەکان وەرگرێت , هیوای بەردەوامی بۆ دەخوازم .

*

# کەرکوك لە نێوان حەزی خەڵکەکەی وخەونی ئایدۆلۆژیادا

کاتێک شاعیر دەبێت بە سیاسی یاری کردن بە وشە دەدۆڕێنێ